بندیان حاجی جەمیل:

هەردوو سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەچووغ و مەخموور هاوکارییان نەکردووم

دیمانە: ئەمیرخان مەلا ڕەسول

بندیان جەمیل ڕەحمان ناسراو بە بندیان حاجی جەمیل لەساڵی ١٩٧٨ لەگوندی قەڵاتەسۆرانی مەرزان لەدایکبووە، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە ئاوێزانی جیهانی شیعربووەو لەساڵی ٢٠٠٦ یەکەم بەرهەمی لەژێرناونیشانی (ئەم دڵەی بە تۆ جولا) کە (٣٠) هۆنراوەی لەخۆگرتبوو بەچاپ گەیاندووە، دووەم بەرهەمیشی لەژێر ناونیشانی (دڵۆپێك لەدەریا) لەساڵی ٢٠٠٩ بەچاپ گەیاندووە، بەشداری لەچەندین کۆڕی شیعری کردووە، خەریکی بەچاپ گەیاندنی بەرهەمێکی ترە لەژێر ناونیشانی (ناڵەی دڵ). بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم هۆزانڤانە ئەم دیدارەمان لەگەڵ ساز کرد.

*** زۆرجار لەشاعیرانی دەبیستێ کە شیعر کۆرپەی شاعیرە تۆ لەسەر ئەوە چی دەڵێی؟**

- بەڵێ ئەمە زۆر ڕاستە کە دەڵێن کۆرپەی شاعیر شیعرە، چونکە تۆ ئەگەر سەیر بکەی ژانی شیعر لە ناکاوە کە هات ئیتر کاتی بۆ نییە لەسەر تۆ بوەستێ زیاتریش ئازارەکانە دەبنە سەرەنووکی قەڵەم لەکاتی لەبارچوونیشی هەر زۆر ڕاستە زۆر جاری وا هەیە دەبووە مایەی گاڵتەی خۆم دەبینی (ژێر پێخەفەکەم) بە شێوەیەکی ڕەها لەگەڵ ئازارو خەمەکانم تێکەڵ بوومە هەندێ وشە هەر بیرم لێ نەکردۆتەوە وەك باران بە سەرهەستم دادەبارێت کە هەڵدەستمو پێنووسەکەم دەدەزمەوەو وشەیەکم لەیاد نەماو ئەمەش لە بارچوونی کۆرپەکەمە.

*** تا چەند لەکاتی شیعر نووسیندا هەستت کردووە جولەیەك لەژوورەوەت هەیە کە پاڵنەرتە؟**

- بەڵێ من هەمیشە دەڵێم گەر شیعر نووسین من بام یەك وشەی شیعر بە پەنجەکانی من نەدەنووسران! بەڵام ئەو شتە هەرگیز لێناگەڕێ منو شیعر لێك جیا ببینەوە ویژدانە، ویژدانی منیش ئازاری خەڵکە ژانی شەقامو برینی کۆمەڵگایە.

*** لە دڵۆپێك لە دەریا شیعرەکانت زیاتر ڕەخنەیی پێوە دیارە ئەمە چۆنە؟**

- ڕاستە ڕەخنەیین، بەڵام ڕەخنەی بنیاتنەرانەن نەك شتێکی دی زیاتر ئاڕاستەی دەسەڵاتی دەکەم بۆ ئەو کەسانە دەنووسم کە حوکمداری ئەم وڵاتە دەکەن، چونکە هەروا بە هیچو خۆرایی ئەم حوکمەتە دروست نەبووە بە خوێنی دەیان بگرە هەزارەها گەنجی ئەم وڵاتە بنیادنراوە، بۆیە منیش لەڕێگەی شیعرەکانم پێیان ڕادەگەیەنم کە ئەم دەستکەوتەمان با لەدەست نەچێ با بەخۆمان دابچینەوە خۆمان چاك بکەین.

*** لای تۆ شیعر نووسین خۆ خاڵی کردنەوەیە لەئازارەکانی یاخود خۆنووسینەوەیە یا بەو مانایەی ناخی خۆت بچەشێت بەرچاوی خەڵکی؟**

- لەوانەیە لای هەندێك یەکێ بێ لەو دوانەیە یان جۆرێکی دی، بەڵام لای من هەردووکیانە ئازارەکانی خۆمە وام لێدەکەن هانا بۆ شیعر ببەم بەڕاستی کاتی ئازارەکان دەورم دەدەن شتێ نییە داڵدەم بدەن جگە لەشیعر، جا بۆیە شاعیر خۆی دەنووسێتەوە کە ئەم خەڵکەی دەوروبەری بەتەواوی لەئازاردا بگەن و روو بکەنە پاکی و ڕاستگۆیی و عەدالەتی ئەو یاسایە پێشێل نەکەن کە مرۆڤ دەتوانێت لەسایەی ئاسوودە بژی.

*** سەنتەرەکان تاچەند هاوکاریان کردووی لە بەچاپ گەیاندنی بەرهەمەکانت؟**

- لە مەخموور دووسەنتەر هەیە سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەچووغو مەخموور، ساڵی ٢٠٠٦ بۆ نامیلکەی (ئەو دڵە بە تۆ جولا) بەسەنتەری مەخموورم گوت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك وەڵامیان نەدامەوەو کار ئاسانیان بۆ نەکردم لەسەر ئەرکی خۆم بە چاپم گەیاندو بڵاوکرایەوە، لە (دڵۆپێك لەدەریا) داوام لە سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەچووغ کرد، قسەم لەگەلیان کرد لەجیاتی هاوکاری ئەوان دەستخۆشیان لێکردم، بەڵام وتیان دوو پەرتووکی ترمان لەبەر دەستدایە کە هی دوو ئەندامی سەنتەرەکەمانن ئەوان ئەندامن لەسەنتەر تۆش لەدەرەوەی سەنتەری بۆیە بەرپرسیی سەنتەرەکە داوای لێبوردنی کرد کە نەیتوانی کار ئاسانیم بۆ بکات، هەروەها سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور بەڵێنیان پێدام کە (دڵۆپێك لەدەریا)م بۆ چاپ بکەن، پاش (٧) مانگ ئەوانیش پەشیمان بوونەوە هەر کار ئاسانیان بۆ نەکردم، پاساوی ئەوەیان هێنایەوە کە سەنتەرەکەیان توشی قەرز بووە بەڕاستی لام سەیربوو سەنتەرێکی ڕۆشنکردنی هزرییە یاخود کۆمپانیایەکی بازرگانییە، بەڵام نازانم ستافی نوێ چۆن دەبێت؟.

*** بابزانین دوا پرۆژەت چی یە؟**

- دوا پرۆژەم پەرتوکێکی ترە لەژێر ناونیشانی (ناڵەی دڵ) کۆمەڵێ شیعری لەخۆ دەگرێتو زۆرترینیان چوارینەن زۆربەی شیعرەکانم لەلایەن هونەرمەندان کراوە بە گۆرانی وەکو هونەرمەند (هۆشەنگ مەولێری)و (خەلیل باڵەکی)و (سالار نەورۆز).

*** دوا وشەت؟**

- لەڕێی ڕۆژنامەکەتان سوپاسی شاعیری گەورەی کورد (مەدحەت بێخەو) کە پێداچونەوەی بۆ کردم، هەروەها مامۆستا (عەبدوڵڵا تاهیر)و (دیار مەلا خدرو عیماد جەوهر)و (شەماڵ حەمەدەمین سادق) هاوکارییان کردوم. سوپاس بۆ ئێوەش.

گەشتێك بە نێو هۆزو عەشیرەتەکاندا

عەباس سلێمان سمایل

١ - لەك: هۆزەێکی گەورەی کوردە لەباشووری کرماشان لەتەك هۆزی کەڵهوڕ جێوارن، بەشێوەیەکی جیا لەشێوەی کەڵهوڕ قسەدەکەن، ژمارەیەکی زۆریان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بلاوبوونەتەوە، هەندێکیان بەڕەوەندیو کۆچەریو هەندێکیشیان دوای ڕووخانی کەریم خانی زەند.

(لەك)ی دەشتی هەولێر بەر لە (٢٥٠) ساڵ لەگەڕەکی تەپەی (مەلا عەولا)ی شاری کەرکوك لەلایەن عوسمانییەکان دەردەکرێن.

لەکی دەشتی هەولێر چوار تیرەن ئەوانیش (برایمی)و (سمایلی)و (خەمان و جەردیسی)ین، کە لەژمارەیەك لەگوندەکانی دەشتی هەولێر نیشتەجێن.

ناوی لەك ـیش لە دوو پیتی (ل)و پیتی (ك) پێکهاتووە، (ل) کورتکراوەی (لوڕ)ەو (ك)یش کورتکراوەی (کورد) (کرمانج)ە، واتە لەك لەتێکەڵاوی هەرێمی لوڕو کرمانج پێکهاتووە.

٢ - سیان: لەچوار تیرە پێکهاتووە ئەوانیش (دەم سۆری)و (گون تولە)و (سورمی)و (شەمزینی). سیان هۆزێکی گەورەیە لەزەوییکی پانو پۆڕی نێوان دەڤەری دیبەگەو پردێو کاڤاری دووبز جێوار بووینە، گوایە دەڵێن سەدان ساڵ لەمەوبەر سێ خێزان بە کۆچو کۆچبار لەناوچەی شەمزینانی تورکیاوە کۆچو کۆچباریان تێك ناوە تا لەم ناوچەیە گیرساونەتەوە.

ئەو گوندانەی کە ژمارەیەکی زۆر لەهۆزی سیانی تێدایە ئەوانیش (جاستان، پۆڕیچە، قوچە سپیلکە، غەرابە، سەربەشاخ، دەربەند، گابەرکە، بیرەبات، دۆرەزە... هتد لە پیاوە ناودارەکانیان (تۆمەرە خێڵو کاخدرن).

٣ - سورچی: هۆزێکی زۆر بلاون لەدەشتی هەولێرو دەشتی هەریرو ناوچەی بادینان نیشتەجێن، ئێزدییەکان دەڵێن: سورچی کاتی خۆی ئێزدی بووینە.

تیرەکانی سورچی لەدەشتی هەریرێ بریتین لە ١ - مارە باس ئەوانیش لە (کەلەکینی سەرچیا خڕێ). ٢ - مام سار ئەوانیش لە (هەریرو باتاس). ٣ - وسووکاسکی لە گوندی ئامۆکان. ٤ -کلو مەکۆیان لەدەڤەری هەریر.

تیرەکانی سورچی لەبادینان بریتین لە ١ - مام گرد، گوندەکانیان (سوسناوە، پێسمەکەر) ٢ - مام ڕەس ٣ - نەقەبی. هەروەها ئاری کوتکی تیرەیەکن لە هۆزی سورچی، لەدەشتی هەولێر دابەش بوونە لەسەر چەند گوندێك لەوانە (گاوەرە، کەندڵو زورناو خەزنەو گەزۆك... هتد).

خەمو کێشە کۆمەڵایەتییەکان چۆن سەرهەڵدەدەن؟

(ئەوەی خەم نەخوات هەرگیز مرۆڤ نییە)

سەد جادەو بازاڕیش بێ بەخوا هەر دادەنیشم !

چریکە مەخمووری

خەم ئازارێکە ناخی مرۆڤ ئەروژێنێو بەدەستییەوە دەناڵێنێ، زۆربەی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە بوونەتە خۆراکی خەمەکانیان، کاتێك لەژیان ورد دەبینەوە، بۆمان بەدەردەکەوێت کە بریتییە لەململانێیەکی بەردەوام، ئەوەی جێگای داخە بەشێك لەگەنجەکانمان هانا بۆکاری ناڕەوا دەبەنو بەخۆکوشتن کۆتایی بەژیانیان دەهێننو هەندێ جاریش بەخواردنەوەی ماددە بێهۆشبەرەکان دەیانەوێت خۆیان لەڕاستی دوورخەنەوەو کەسایەتی خۆیان دەڕووخێنن.

هەموو بوونەوەرێکی سەر ئەو زەمینە گیرۆدەی کێشەی ژیان دەبێت، بۆیە ئەو وتەیە ڕاستە کە دەڵێت "ئەوەی خەم نەخوات مرۆڤ نیە"، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان خاوەن هەستێکی دیاریکراون، هەست بەهەموو جموجۆڵێکی چواردەوری خۆیان دەکەن، پێچەوانەی ئاژەڵ کە تەنیا برسیەتیو سەرماو گەرما کاریان تێدەکات، لەهەموو چینو توێژێك مرۆڤی خەمناك دەبینیەوە. فاتیمەخان هاورێیەکی نزیکی خۆمە بەپێکەنینەوە گوتی "(نەوا)ی کچە سێ ساڵانەکەم چەند ڕۆژێك بەبێ دەنگی بەرچاو دەکەوێت، کە لێم پرسی چی پێویستە؟"، بەگریانەوە گوتی "دایکە زۆر لەخۆم بێزارم!"، ئایا دەبێت منداڵێکی سێ ساڵان کە هەموو پێداویستییەکی بۆ فەراهەم کرابێت بەوپەڕی دڵسۆزیشیەوە لەئامێزی دایەو بابە نازی پێدەدەرێ، ئاخۆ دەبێ چ شتێك خەفەتباری کردبێت، تا لەخۆی بێزاربێت؟! باشە ئێمە چی بە گەورەکان بڵێین؟! کە ئاخۆ چۆن دەبێت بێزاری خۆیان دەرنەبڕن بەرامبەر ژیان بەو هەموو شەکەتیەو مەینەتیانەوە؟، مرۆڤە لەخواترسەکان لەترسی خوداو ڕۆژی ئایندە غەرقی دەریای خەم دەبن، هاوسەرەکان لەبەر نەگونجانیان لەگەڵ یەکتریو کێشەی ماڵ و منداڵ هەراسانیان کردوون، ئاشقەکان بونەتە ئازارێکی بێ سنوور لە دوودڵی بۆ یەکبوونو دیدارو نامە گۆڕینەوەیان، چاوی کۆمەڵگاو ئاشکرابوونی پەیوەندی نێوانیان، کێشەی قەیرە کچیو نەبوونی کەسی گونجاو، دەردی هەژاریو نەداری نایانگەیەنێتە ئامانج، کێشەی بەساڵچووەکان بەدەست بێ تاقەتیو نەخۆشی مەرگ، بەخوا کێشەی قوتابیە داماوەکان لە هەر هەمووی گەورەترە، شەوو ڕۆژ خەریکن (بیر بەدەرزی لێدەدەن)، ئەوانەی دەرچووینە بڕوانامەکان هەڵدەواسنو لەسەر شەقام ئیشی ناوبازاڕ دەکەن.

چاوگەی ئاوێکی پاك نییە تێنوێتیان پێ بشکێنن، منداڵە هەتیوەکان لەبەر بێ نازی خۆیان سەرگەردانن، ئەوانەی خەباتێکی زۆریان کردووەو قوربانیان داوە، ئێستاش حیسابیان بۆناکرێت، وەك هەڵەبجەی هەڵقرچاو کەئێستاش لەدرەختێکی بێ ئومێدیە بەفرمێسکی چاوانمان ئاودەدرێ، هەندێ لەمرۆڤە دڵنەرمەکانی ئەم سەردەمە لەسنووری ژیانی خۆیان بێ کێشەن، کەچی خەمی میللەت غەمباریان دەکات، ڕاستی بەش بەحاڵی خۆم لەکێشەی ژیانی خۆم بێ باکم، کەچی لەگەڵ ئازاری منداڵەکانی سەرشەقام وەك مۆمی داگیرساو تنۆك تنۆك دەتوێمەوە، کە بەقەپانێك دێتە بەردەمت و دەڵێت "خۆت بکێشە"یان بەسندوقێكو فڵچەو بۆیە دانیشتوون پێلاو بۆیە دەکەن، لەپێناو پەیداکردنی بژێوی ژیان، جا خەمی منو تۆی مرۆڤ چیە؟ لەدوای ئەم ئازارانەی باسکران، کە لەسەرەتای پەیدابونی ژیان تائێستاو تا دونیاش مابێت بوونیان هەیە، بێگومان هەموو کێشەیەك چارەسەری گونجاوی خۆی هەیەو مەحاڵ نیە، چونکە ئەوەی ئێمە بە مەحاڵی دەزانین دەبێتە واقیع، مرۆڤ لەهەموو شتێك گەورەترە، پێویستە باشتر لەجاران چاومان بکەینەوە بیرو هۆشمان بخەینە گەڕ تائەنجامی هاوکێشەکان بدۆزینەوە، لەگەڵ بوونی ئازارێکی کەم ڕێگای ڕاست وندەکەینو سەر لە خۆمان دەشێوینین.

جائەی مرۆڤی دڵ پڕ ئاگرین، ئەم ژیانە بەختەوەرەو ئەم جیهانە جوانەی تۆ کەپڕیەتی لە گەوهەریەت، ئەو باغە ئەویندارەی لەبەر دەستو لەژێر پێتدایە بەناحەق جوانیەکانی مەشێوێنە، هەر کارێك دەتەوێت بیکەیت بەسێ هەنگاو دەست پێ دەکات ئەویش (بیرکردنەوە، ڕادەربڕین، کارکردن)، ئەگەر لەگەڵ هاورێکەت یا هاوسەرەکەت هەراسانی کردووی بزانە هۆکاری سەرەکی چیە و خاڵە لاوازەکان بدۆزەرەوە، پاشان بەدوای چارەسەری خاڵی هاوبەش بگەڕێ، دەتوانێ بۆ هەموو کێشەکانی دیکەیش چارەسەری گونجاو بدۆزینەوە بەهاوکاری یەکتری ژیان جوانترو جوانتر بکەین، بەجۆرێك دڵسۆزانە هاوبەشی خەمی یەکتری بین، بیر لە خۆکوشتو سووتانو خواردنەوەی ماددە کحولییەکان نەکەینەوە، دەستی هاوکاری بۆ هەژارو منداڵە هەتیوەکان یان کەمدەرامەتەکان درێژ بکەین، نەهێڵین باری ژیانیان هێندە قورس بێو ژیان لەخۆیان ئاڵۆز بکەن، بەگیانێکی وەفاداری هاوکاریان بین. کاتێك دوودڵ بەیەکتر شادبن نەبینە کۆسپ لەبەردەمیان، جیهانێکی پاکی ئەویندداری نەشێوێنین، هەمیشە ڕاستگۆیی بکەینە دروشمی ژیان و بەزمانی لێك تێگەیشتن بدوێین، چونکە هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەئەنجامی لێك تێنەگەیشتن سەرچاوە دەگرێت.

قەرەچووغ

سەرهەنگ مەلا محەممەد

قەرەچووغی بڵند و ڕەنگین
قەرەچووغی شورەو پەرژین
لەگەلمێ بەدرێژایی ژین
گەر نێمە لات دەبم غەمگین
کێوی خۆم بەدرێژایی ژین
خەڵك دێو دەڕوا چین بەچین
تۆ پەلت نایەتە لەرزین
شاخێکت نایەتە لەقین
بەبینینت ئەبم دلشاد
زۆر یادەوەریم دێتە یاد
ئەی شورەی دوو دەشتی کەسات
ئەی کێوی ووشکی بێ مراد
کاتێك دێمە تەپۆڵکی سەر
یان بەرزایی بێژینگ بەسەر
لێوەم دیارە ئەو بەر ئەوبەر
یان سەرداوی کانی غەزەر
لێم دیارە دەرکی بازارگە
دیسان تێکم ناوە بارگە
بارگەم تێك نا هیشکە سارە
قەرەچوغ کوا ئەو بەهارە
هەر خۆر بارانە، غوبارە
وشکی بەس بەردتت یاقوتە
چەند جار گیا و پاوانت سوتا
دوژمنت تۆقیوە بەرووتا

عەبدوڵڵا کەریم دەروێش:

ئەگەر هەڵبژاردەی کوردستان لەگۆڕەپانو مەیدان پێك بهێنین دەتوانین لەسەر ئاستی ئێراق کۆنترۆڵی ئەو یارییانە بکەین

(عەبدوڵڵا کەریم دەروێش) لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ لەگوندی دێمەکار سەر بە شارەدێی دیبەگەیە، یەکێکە لەوەرزشوانە دیارو ناسراوەکانی گۆرەپانو مەیدان، هەروەها لەبواری تۆپی پێ سەرەتا لەتیپە میللیەکان یاری کردووەو دواتر لەهەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر بەردەوام بووە، بۆ چەندین ساڵ نوێنەرایەتی پەروەردەی هەولێری کردووە لەپاڵەوانێتیەکان لەسەر ئاستی ئێراق، توانیویەتی پلەی سێیەم لەیاری (بازی بەرن) بەدەست بێنێت.

دەنگی مەخموور: لەپاڵەوانێتیەکان لەسەر ئاستی ئێراق تاچەند بەشداریت کردووە؟

- لەساڵی ١٩٧٩ بانگهێشت کرام بۆ بەشداری کردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێراق بۆ پاڵەوانێتی خولی عەرەبی بۆ قوتابخانەکان لەوڵاتی سۆماڵ، بەڵام لەبەر بارودۆخی خوێندن نەمتوانی بەشداری بکەم، هەروەها لەساڵی ١٩٨٠ لەکاتی خزمەتی سەربازیم بەشداریکرد لەیارییەکانی سوپای ئێراق کە توانیم پلەی دووەم بەدەست بێنم.

دەنگی مەخموور: ئێستا بەچیەوە خەریکی؟ دەبینین تائێستا لەوەرزش دانەبڕوای؟

- ڕاستەدەکەی لەوەرزش دانەبڕاوم، لەساڵی ١٩٩١ بووم بە ئەندامی یەکێتی گۆڕەپانو مەیدانی هەولێر بۆ درێژەدان بە خزمەتکردنی وەرزشو ئێستاش ئەندامی یەکێتی ناوەندی گۆڕەپانو مەیدانی کوردستانم، هەروەها فەرمانبەرم لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشو لاوان لەبواری وەرزش درێژە بەکارەکانم دەدەم.

دەنگی مەخموور: ئەگەر باسی ناوەندی گۆڕەپانو مەیدانمان بۆ بکەیت کارو چالاکیتان چییە؟

- ئێستاکە پلانێکی زۆر تۆکمەمان لەبەردەستە بۆ بەرەو پێشخستنی یاری گۆڕەپانو مەیدانو بنچینەکانی ئەو یارییەمان نوێ کردۆتەوەو هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی زانستی یاریزانان ئامادە بکرێنو بتوانین زیاتر خولی ڕاهێنانو ناوبژیوانانو ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بۆ هەموو تەمەنەکان بەپاڵپشتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ڕێك بخەین.

دەنگی مەخموور: ئاستی تیپەکانو یانەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟

- بەشێوەیەکی گشتی یانەو تیپەکانو ئاستی تیپەکان بەرەو باشی دەچێتو توانیویانە خۆیان بسەپێنن لەپاڵەوانێتیەکان نەك لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو ئێراق بەگشتی، بەتایبەتی یانەی هەولێرو دهۆك و سلێمانیو سیروانی نوێو سەورەو کەرکوك و پێشمەرگەی سلێمانیو ئالاو قەلاو... هتد بۆیە پێموایە ئەگەر هەڵبژاردەی کوردستان پێك بهێنین لەئاستی کوڕانو کچان ئەوا دەتوانین لەسەر ئاستی ئێراق کۆنترۆڵی ئەو یارییانە بکەین.

دەنگی مەخموور: کێن ئەو ڕاهێنەرانەی لەگۆڕەپانو مەیدان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە؟

- گەلێك مامۆستای بەتوانا لەو بوارەدا خزمەتی بەرچاویان کردووە، بۆ بەرەو پێشخستنی ئەو یارییەو ڕۆڵی ئەوانە قەت لەیاد ناکرێ، هەروەك مامۆستای خوالێخۆشبوو (فوئاد محەمەد مەجید)و (مامۆستا سەرتیپ)و (مامۆستا سەلاح حەسەن)و خوالێخۆشبوو (فاروق عەبدولعەزیز)و (مامۆستا شەهاب ئەحمەد)و دەیانی دیکە، کەبەڕاستی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەیارییەکانی گۆڕەپانو مەیدان.

لەکۆتایی ئەو چاوپێکەوتنەماندا عەبدوڵڵا کەریم دەروێش هیوای ئەوەی خواست وەرزشوانەکانی دیکەی مەخموورو دیبەگەو گوێرو قەراج بەسەر بکرێنەوەو لەنزیکەوە جارێکی دیکە بە خۆیانەوە بناسرێنو لەیاد نەکرێن.

نوعمان عوسمان مەحموود:

هیوادارم هەردوو یانەی مەخموورو قەرەچووغ یەکبگرنەوە

جەلال خەیلانی

نوعمان عوسمان مەحمود لەدایکبووی ١٩٧١/٧/١ لەشارۆچکەی مەخموور، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرەو ئێستاش مامۆستای سەرەتاییە، یەکێکە لەوەرزشوانە دیارو بەرچاوەکانی مەخموور بەتایبەت لەیاری باسکەدا بەپێویستمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵ سازبکەین.

*** سەرەتای چونە نێو دونیای وەرزش چۆن بوو؟**

- لەڕاستیدا سەرەتا زۆر ڕقم لەیاری باسکە بوو لەبەرئەوەی هێزی بازووی زۆری دەویست پاشان کە دەستمکرد بەیاری باسکە وەك یاریزانێك لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بوو، هەستم کرد یارییەکە بە هەمووکەسێ ناکرێ تەنها ئەوانەی هێزێکی بازوو و تەرکیزێکی باشیان هەیە، ئینجا دەتوانم ئەم یارییە بکەم، بۆیە سەرەتای چونە ناو یاری باسکە وەك یاریزان لە پەیمانگابوو.

*** لە کەیەوە بوویتە ڕاهێنەر؟**

- لە ٢٠٠٤/٢/١٢ لەلایەن ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور بەتایبەت عەدنان ڕەحمان داوای لێکردم کەوا ببم بەڕاهێنەری باسکەی ناوەندەکەیانو هەر ئەوکات خولێکی ڕاهێنەرانی ناوەندی وەرزشیەکان هەبوو لەهەولێر لە ٢٠٠٤/٢/١٣ یەکەم خولی ڕاهێنەرانی باسکەم تەواو کرد، بووم بە ڕاهێنەری ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور وەك گێڕەبەست تاکو ئێستا بەردەوامم.

*** تا چەند شارەزاییت هەیە لەبارەی مەشقی یاریزانانی باسکە؟**

- لەسەرەتا زۆر کەم، بەڵام بەشداری سێ خولی بەهێزکردنی ڕاهێنەرانی ناوەندە وەرزشییەکانم کرد، یەکەمیان لەهەولێر ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ، دووەم لەدهۆك لەساڵی ٢٠٠٦ ئەویش بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بوو، سێیەم خولیشم هەر لەهەولێر ساڵی ٢٠٠٩ بوو، ئێستاش شارەزاییەکی زۆر باشم هەیەو لە هەموو گۆڕانکارییەکانی یاسای باسکە کە ساڵانە دەکرێت ئاگاداریم هەیە. هەروەها بەشداری خولی ناوبژیوانانی مامۆستایانی پەروەردەکانی هەولێرم کردووە، لەسەر دەستی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی مامۆستا سابیرو چەند مامۆستایەکی دیکە، زۆربەی یاریکەرەکانی ناوخۆییەکان تەنها من بەڕێوەی دەبەم وەك ناوبژیوان.

*** تائێستا بەشداری چەند خولتان کردووە بە فەرمی؟**

- ساڵانە لەوەرزی هاوینەدا بەشداری خولی ناوەندەکانی وەرزیمان کردووە، کە پێکدێت لە(٧) تیپی ناوەند سەرەتا لەساڵی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ ئاستمان باش نەبوو، بەڵام لە ساڵانی ٢٠٠٦ -٢٠٠٧ئاستی تیپەکەمان بەرەوپێش بردو، لەساڵی ٢٠٠٨ سێیەمی ناوەندە وەرزشییەکان بووین لەسەر ئاستی هەولێر لەکوڕان، هەروەها بەشداری چالاکیە پەروەردەییەکانمان کردووە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ -٢٠٠٨ کە زۆربەی تیپە بەشداربووەکان یاریزانەکانیان لەیانە بەهێزەکانی کوردستان یاریان دەکرد.

*** تیپێکی کچانتان دامەزراندووە ئاستی ئەوان چۆن دەبینی؟**

- لەباسکەی کچان بەشداری خولی چالاکی پەروەردەکانی هەولێرمان کردووە لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٧ -٢٠٠٨وە ٢٠٠٨ -٢٠٠٩ لەسەر یەك پلەی دووەمان هێناوە. دەمەوێ ئەوەش بڵێم زۆربەی یاریزانەکانمان کچانی کەمپی ئاوارەکانی مەخموورن.

*** تا چەند لە یاریزانەکان ڕازیتو چەند یاریزانت پێگەیاندووە؟**

- یاری باسکە یاری (زیرەکانە) پێگەیاندنی زۆر زەحمەتە، چونکە دەبێ سەرباری بەهێزکردنی لەشی دەبێ لایەنی دەروونیو تەکتیکیو پراکتیکی بەهێز بکرێت، سوپاسی یاریزانەکان دەکەم لە ماوەی چوار ساڵی مەشق کردنم توانیمان لەسەرووی (١٠٠) یاریزانی باسکە پێبگەیەنم تاکو ئێستاش هیچ کێشەیەك لەنێوانمان دروست نەبووە، بەڵکو بەپارەی خۆیانو جلوبەرگی وەرزشیو تۆپیان کڕیوە.

*** بۆچی یاری باسکە لە مەخموور بەکەمی ئەنجام دەدرێتو ئەم ساڵ هیچ خولێك نەکرایەوە؟**

- پێشتر ساڵانە لە وەرزی هاوینە خول دەکرایەوە، بەڵام بەداخەوە پشتگیریو پاڵپشتمان نییە، ساڵی ڕابردوو خولی شەهیدانی یەکی شوبات کرا تەنها یەك ساڵ بوو هیچی تر، بەداخەوە، هەموو شوێنەکانم کرد کەس ئامادە نەبوو یارمەتیم بدات تاکو خولەکە ئەنجام بدەم، لەبەر ئەوەی کەس نییە هاوکاریمان بکات، گرفتەکان زۆرن بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە نەبوونی هۆڵێکی داخراوو هەروەها کەمی پێداویستیەکانی باسکە بەتایبەتی تۆپ.

*** دواپەیڤو داواکاریت؟**

- لەکۆتایی داوا لەلایەنی وەرزشی دەکەم کە هاوکاری وەرزشی مەخموور بکەنو هیوادارم هەردوو یانەی مەخموورو قەرەچووغ یەکبگرنەوە تاوەکو ساڵی یاریزانەکان یەکبخەنەوە مەخموورییش وەك شوێنەکانی تر لەپلە نایابی کوردستانو عێراق بەشداری بکات، یەکگرتنەوەی ئەوان ئاواتی هەرەگەورەی منە.



هەنار چارەسەری ١١ نەخۆشی دەکات

هیوا قادر

ئەوەی گومانی تێدا نییە هەنار لەو بەرهەمانەی کە بەشێوەیەکی زۆر داواکاری لەسەرە، شەربەتی هەناریش یەکێکە لەو خواردنەوەی خەڵکێکی زۆر ئارەزووی دەکات. نابێت تایبەتمەندی خۆراکیو بەسودی هەنار لەبیر بکەین بۆ لەش، چونکە مادەدەی تفتیو پرۆتینیو شەکرو ترشی لیمۆو چەند ریشاڵێك لەخۆ دەگریت، کە یارمەتی زیندەگیو چالاکی لەش دەدەن. توێژینەوەیەکی زانستی نوێ دووپاتی کردووەتەوە کە هەنار دەتوانێت چارەسەری ١١ نەخۆشی بکاتو پێویستیە سەرەکیەکانی لەش دابین دەکات.

توێژینەوەکە ئاشکرای کردووە کە هەنار دەتوانێت بەکتریای سگ چوون قەڵاچۆ بکات، هەروەك دڵ بەهێز دەکاتو، میزکردن زیاد دەکاتو خوێن پاك دەکاتەوەو بەردی گورچیلەکان دەتوێنێتەوە، هەروەها پلەی گەرمی بەرز دادەبەزێنێت، ئەمە جگە لەوەی هەنار دەتوانێت چارەسەری بەگران هەرس کردن بکات.

هەر لە توێژینەکەدا هاتووە جگە لەوەی هەنار بەهای خۆراکی هەیە کە چارەسەری نەخۆشی دەکاتو هەروەها پرۆتینو چەوریو خوێو توخمی گرنگن لە خۆ دەگرێت لەوانەش پۆتاسیۆمو ئاسنو مسو هەندێك ترشی ئەندامیو ڤیتامینیەکان. هەندێك لە توێژینەوەکانی ڕابردووش ڕوونیان کردبووەوە کە هەنار سوودی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی (دیزنتریا)و لاوازی دەمارو هەندێك لە جۆرەکانی گوێ کەتووشی لینجەپەردە دەبن بەتایبەتیش ئەگەر لەگەڵ هەنگوین بەکاربێت.

هەنار بەرێژەی ١٠ تاکو ١٥٪ی بریتییە لەمادەدەی شەکرە، هەروەها ١٠٪ی بریتییە لە ترشی لیمۆو ڕێژەیەکی بەرزیش ئاوو مادەدەی پرۆتینی لەخۆ گرتووە. هەروەك کۆمەڵێك تووخم لەهەناردا هەن، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم وەك فسفۆرو ئاسنو مەگنسیۆم. هەروەها توێژینەوەکە ڕوونی کردۆتەوە کە هەنار سەرچاوەیەکی باشی مادەدەی دژە ئۆکسانە، کە ڕۆڵێکی گەورەی دەبینێت لەپاراستنی لەش دژ بەنەخۆشییە درێژخایەنەکان وەك نەخۆشی دڵو لوولەکانی خوێنو ڕەق بوونی خوێنهێنەرەکان.

تیپی قەرەچووغ

کۆسرەت بندیان

تیپی قەرەچووغ یەکێك بووە لەبەهێزترین تیپە میلییەکانی قەزای مەخموور کە لەساڵی (١٩٩٥)دا لەلایەن چەند کەسێکی وەرزش دۆستەوە دامەزراوە. تیپی قەرەچووغ خاوەن هاندەرێکی یەکجار زۆربووە کە هەموو کات پاڵپشتی تیپەکە بوونەو هانیان داوە لە هەر شوێنێك یاری هەبوو بێ لەگەڵ تیپەکە بوونەو هانی یاریزانیان داوە، ڕاهێنەری تیپەکەش (قاسم محەممەد) بووەو، سەرۆکی تیپەکەش (عەلی حوسێن). تیپی قەرەچووغ لەسەرجەم خولەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەشداری کردووە، خاوەن چەندین دەستکەوتیشە. تیپی قەرەچووغ لە چەندین شوێنی تری دەرەوەی مەخموور بەشداری خولەکانی کردووە، وەك هەولێرو موسڵو چەندین شوێنی دیکە. زۆربەی خەڵکی وەرزش دۆستی مەخموور سەردەمی (قەرەچووغو ئاشتی) بەسەردەمی زێرینی وەرزش لەمەخموور ناودەبەن.

شایەنی باسە تیپی (قەرەچووغ) بەزۆری جلی ڕەشو سپی دەپۆشی لەخولەکاندا. ئەم تیپە خاوەن چەندین یاریزانی بەتوانابووە لەوانە (محەممەد نوریو محەممەد ڕەفیقو عەلیو نەوزاد قادر) هەموو ئەو یاریزانانەو چەندین یاریزانی دی ڕۆڵێکی سەرەکیان بینیوە لەدروست کردنی تیپەکە لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم تیپە خاوەن چەندین یاریزانی لاو بووە وەك (عادل ئەحمەدو سەعد مشاریو ئەمیر عەولاو ستار مامندو هێمن مەجیدو بەختیار ساڵحو بەختیار فەیسەڵو هیواو محەممەدو زۆراب حەلاقو... هتد).

ئەو یارییەی کە هەمو کات باسیی لێوە دەکرێو یاریزانەکان دەیگێڕنەوە کە یاریەك هەموو کات شانازی پێوە بکەن لەیادیان مابێت ئەو یارییە بوو لەگەڵ تیپی (کاردۆ)یان ئەنجامیان داوە کە هەردوو تیپەکە بە (٢) گۆڵ بەرامبەر بوونەو یارییەکە لەیاریگای کاردۆ لەشاری هەولێر ئەنجامدراوە کە تێیدا یاریزانانی مەخموور جوانترین ئاستی تۆپیان نیشان داوە.

با لەبیریان نەکەین

عەبدولرەحمان ئادەم

بێگومان ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی ئێستا لەبواری وەرزش لە کوردستاندا دەبینرێت، دەستکەوتێکی گەورەی حکومەتو گەلەکەمانەو نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەمانەو جێگای دەستخۆشیە. ڕاستە حکومەت ڕۆڵێکی زۆری هەیە لەبەدیهێنانی ئەم پێشکەوتنە ئەمەش لەڕێگای بایەخدان بە دروستکردنی ژێرخانی وەرزشو دروستکردنی یاریگاو کردنەوەی خولی جۆراوجۆرو... هتد.

لێرەدا نابێت ڕۆڵو ماندووبوونی ئەو کەسایەتییە وەرزشیانە لەبیر بکەین کە لەساڵانی پێشوو خزمەتێکی زۆری وەرزشیان کردووە، کە ڕەنجو ماندووبوونی ئەوان دەورێکی کاریگەرو سەرەکیان هەبوە لەهێنانە کایەوەی ئەو پێشکەوتنەو گەیاندنی وەرزش بەو ئاستو قۆناغەی ئێستاکە هەیە.

بۆیە پێویستە لایەنی بەرپرسو حکومەتو لیژنەی وەرزشی کوردستان ئاوڕ لەو کەسایەتییە وەرزشییە دیارانەی ئێستا بدەنەوە کەخۆیان ئەندامانی خێزانیان لەبەر ناتەواوی بیاری گوزەرانیان زۆربەیان پێویستیان بە یارمەتیدانو هاوکاری هەیە، بەتایبەت لەڕووی هاوکاری لەبەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانو حەسانەوەیان لەژێر سێبەری حکومەتی کوردستان، تاوەکو وەرزشوانانیش لەلا یەن خۆیانەوە ئەو خزمەتو ماندووبوونە زۆرەی کە لەرابردوو کردویانەکە بۆتە هۆی ئەو پێشکەوتنە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوەی ئێستاش ئەو بزانن کە ڕۆڵی ئەوان چەند کاریگەری هەبووە لەبەردەوامی ڕەوتی وەرزشو بەرەو پێشچوونی وەرزش، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆیان، تاوەکو زیاتر هەوڵبدەنو خزمەتی زیاتر بەوەرزشی کوردستان بکرێت.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بە ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بکەم کە تارادەیەکی زۆر دابڕاون لەو خزمەتەی کە لەبواری وەرزش دەکرێت لەسەرلپای کوردستان هیوادارین بەرپرسانی وەرزشو وەزارەتی وەرزشو لاوانی حکومەتی کوردستان ئاوڕی زیاتر لەو ناوچانە بدەنەوەو خزمەتێك بەو وەرزشانە دێرییانە بکەن.

بەڕێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود
مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣
دەستەی نووسەران
موحسین شوانی
خەلیل پاڵانی
عەبدولرەحمان ئادەم
پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری
ئەمیرخان مەلا ڕەسول
ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور